# له به ئەویترکردنەوە بۆ خۆ بە ئەویترکردن: هەڕەشەی ئەوانی دیکە لەسەر زمان و ناسنامەی کورد

دلْزار حەسەن

له هەرسێ وتاری هاوڕێیانی ئازیز: "شێرکۆ کرمانج" بە ناوی "تەعریب و تەرحیل، ئامرازەکانی دەوڵەتی عێراق بۆ لەناوبردنی کورد". هەروەها وەڵامەکەی ڕێبوار سیوەیلی بۆ نووسینەکەی شێرکۆ، بە ناوی "له تەعریبەوە بۆ بە ئەویترکردن"؛ لەگەڵ بەدواداچوونەکەی "ڕێبین فەتاح" بە ناوی "تەعریب یان بە ئەویترکردن؟ بۆچی دەبێت تیۆرییەکان لە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکانەوە دابڕێژرێن"، ئەو پرسیارەم لەلا دروست بوو، کە ئایا سیاسەتی بەعسیزم و تەعریب، تاوەکوو چ ڕادەیەک کاریگەری لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد داناوە؟ ئایا ئەم سیاسەتە سەرکەوتوو بووە، لە گۆڕینی ناسنامەی کورد، یان بە پێچەوانەوە بووەتە هۆی گەشەی بیری کوردبوون و ناسنامەی نەتەوەییمان؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و لە پەراوێزی ئەو گفتوگۆیەدا، ئەم بابەتە خەملی.

## پێشەکی

بە بۆچوونی من سیاسەتیی تەعریبکردنی کورد وەکوو نەتەوە،  مێژووەکەی بۆ بڕیاری سایکس-پیکۆ و سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە 1921 دەگەڕێتەوە. دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی بە چوار وڵات، خۆی لە خۆیدا کردارێکی بە ئەویترکردن بووە، کە دەرهەق بە نەتەوەی کورد کرا. بە شێوەیەکی کرداریش پرۆسەکە بۆ سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیست و بە دروستیش بۆ 17ی تەمووزی ساڵی 1968دەگەڕێتەوە، کە بەعسییەکان  بە گرتنەدەستی دەسەڵات، یەکێك لە ئامانجەکانیان ڕاگواستن و بە عەرەبکردنی نەتەوەی کورد بووە. ئاشکرایە ئایدیۆلۆجیای "بەعسیزم"یش لەسەر بناغەی نەتەوەپەرستانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و یەکگرتوویی نەتەوەی عەرەبییەوە دامەزراوە و هەمیشە عێراق وەکوو بەشێک لە "نەتەوەی یەکگرتووی عەرەب" سەیر کراوە.

بەعسیزم وەکوو ئایدۆلۆجیا

بەعسیزم (البعثية) ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسییە، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، لە لایەن میشێل عەفلەق چەند کەسێکی دیکە دامەزرا. وشەی "بەعس" (بعث) لە زمانی عەرەبی دا، بە مانای "زیندووکردنەوە" یان "بەئاگاهاتنەوە" دێت. ئامانجی سەرەکی ئەم بیرۆکەیە، یەکخستنی هەموو وڵاتانی عەرەب لەژێر ناسنامەیەکی یەکگرتوو و سەربەخۆ و سۆشیالیستی بوو. لە ڕوانگەی میشێل عەفلەق، نەتەوەی عەرەب یەک یەکەی مێژوویی و کولتوورییە و هەموو جیاوازییە ئیتنی و زمانییەکان لەژێر ئەم ناسنامە گشتییەدا دەبێت بتوێنەوە. بۆیە ئایدیۆلۆجیای بەعس گرنگی بە ناسنامەی نەتەوەیی عەرەبی دەدا، نەوەکوو بە فرەنەتەوەیی. ئەم تێڕوانینە لە وڵاتانی وەکوو عێراق و سووریا بووە بناغەی زۆرێک لە سیاسەتەکانی ناوەندگەرایی عەرەبخوازییەوە. بەپێی زۆرێك لە سەرچاوەکان، ئەگەرچی دروشمی بەعس "یەکێتیی، ئازادی و سۆشیالیزم" (وحدة، حرية، اشتراكية) بوو، بەڵام لە عێراق بە تایبەتی لە سەردەمی سەدام حوسێن، ئایدیۆلۆجیای بەعس بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوەندگیر و کۆنترۆڵکردنی گرووپە نەتەوەکانی دیکەی، وەکوو کورد، بەکارهێنراوە، نەوەکوو بۆ دابینکردنی یەکسانی.

ناسینی تەعریب وەك خۆی

چەمکی "تەعریب" لە پێناسە و دیدی ئایدۆلۆجیای عروبییانەی بەعسیزمەوە، بریتییە: لە سیاسەتێکی سیستەماتیکییانەی ناو حکوومەت، کە ئامانجی گۆڕینی ناسنامە و زمان و کولتووری، یان دیمۆگرافی نەتەوەیەکی دیکەیە بۆ ناسنامەی عەرەبی. وەکوو دەستپێکردنی گۆڕینی ناوی شوێنەکان و ناوی تاکەکان و سنووردارکردنی زمانی دایک و گواستنەوەی دانیشتووان و نیشتەجێکردنی گرووپێکی دیکە و گۆڕینی تۆمارە فەرمییەکان. بە بۆچوونی توێژەرانی بواری جینۆساید، ئاشکرایان کردووە، کە پرۆسەی تەعریب زیاتر لە ناوچەکانی کەرکووک و خانەقین و شێخان و شەنگال و مەخموور جێبەجێ کراوە، چونکە ئەو ناوچانە

گرنگی ستراتیجییانەی نەوتیان هەبووە. لە هەمان کاتدا، ئەم سیاسەتە بە گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان ناسانێنراوە، چونکە مەبەستی بەعس تەنیا زاڵکردنی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردی نەبووە، بەڵکوو ئامانجی گۆڕینی سرووشتی نەتەوەییانەی ناوچەکەش بووە .

مانای ناسنامە لە ڕووی تیۆرییەوە

ناسنامە لە زانستی کۆمەڵناسیدا شتێکی جێگیر نییە، بەڵکوو بەردەوام لەژێر کاریگەریی مێژوو و سیاسەت و کولتووردا گۆڕانکاری بەسەردا دێت. لە کۆمەڵناسی سیاسییدا ئاماژە بەوە دەکرێت، کە ناسنامە شتێک نییە، کە ئەم هەیبێت، ناسنامە شتێکە، کە ئەوی دیکە بەردەوام دروستی دەکات. ئەم بیرۆکەیە زۆر گرنگە بۆ شیکارکردنی سیاسەتی تەعریب، چونکە ئەگەر ناسنامە بەردەوام دروست ببێت. ئەوا دەوڵەتیش هەوڵ دەدات بە سیاسەتەکانی ئەو ناسنامانە ئاراستە بکات. ئەگەر بمانەوەی بە شێوەیەکی تیۆری قسە لەسەر ناسنامەی کورد و کوردبوون بکەین، دەبێت بگوترێت ناسنامەی کورد تەنیا بە زمان دروست نەبووە، بەڵکوو لە ئەنجامی ململانێیەکی درێژخایەن لەگەڵ دەوڵەتە ناوەندگەرەکان پەرەی سەندووە .

بەپێی ئەو تێگەیشتنە، هەر کاتێک فشار لەسەر زمانی کوردی زیاد بووە، هەستی مانەوە و ناسنامەی نەتەوەییش بەهێزتر بووە. هەمان ئەنجامیش لە گفتوگۆکەی نێوان هەرسێ نووسەر دەبیندرێت، کە نیشانمان دەدا "زمان و یادەوەریی" دیرۆکی دوو پایەی گرنگ و سەرەکی ناسنامەی نوێی نەتەوەی کورد پێک دەهێنن. یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی فەلسەفەی هاوچەرخ، پەیوەندی نێوان یادەوەری و ناسنامەی مرۆڤە .

لە بیرکردنەوەی پۆل ڕیکۆردا، مرۆڤ ناسنامەی خۆی بە شێوەیەکی "گێڕانەوەیی" دروست دەکات. واتە ئەوەی ئێمە "من"ی خۆمان پێ دەناسین، کە لە ڕاستیدا کۆمەڵێک چیرۆک و یادەوەری و گێڕانەوەی ژیانە. لەبەر ئەوە، لەناوبردنی یادەوەری تەنیا لەناوبردنی زانیاری نییە، بەڵکوو لەناوبردنی بناغەی ناسنامەی مرۆڤە.

سێ پایەکەی ئایدۆلۆجیای بەعس و پرسی نەتەوە

ئەگەر بەپێی دروشمی بەعسییەکان (یەکێتی، ئازادی، سۆشیالیزم) بووایە، ئەوە دەبووایە ئەم ئایدۆلۆژجیایە، تاوەکوو سەر ئێسقان باوەڕی بەدادپەروەری و یەکسانی ماف و داخوازییەکانی نەتەوەکانی جیهان هەبووبایە، بە تایبەتی نەتەوەکانی ناو عێراق، بەڵام لە کرداردا، تەفسیری (یەکێتی) زیاتر بە مانای یەکگرتوویی نەتەوەی عەرەب و ناوەندگەرایی حکومڕانی لێک دەدرایەوە. لەبەر ئەوە، گرووپە نەتەوەییەکانی دیکە نەوەکوو تەنیا وەکوو بەشێکی هاوبەشی فرەناسنامەیی لە عێراق سەیرنەکراون، بەڵکوو زۆرجار وەکوو کێشەیەکی سیاسییانە و تێکدانی ئاسایشی عێراقیش، مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. هەروەها دەستنووس و بەڵگەکانی سەردەمی بەعس، کە لەدوای 2003 دەست میدیاکان کەوتوون دەردەکەوێت، کە لە هەندێک ناوچە سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس، بە ئامانجی زیادکردنی ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب و کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردەکان جێبەجێکراون.

ئامرازەکانی تەعریب چین

لە وتار و توێژینەوەی بەشی زۆری مێژووناسان و ڕاپۆرتی دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ، نیشانمان دەدەن، کە سیاسەتی تەعریب لە چەند ئامرازێکی سەرەکی پێکهاتبوو، وەکوو:

١ .گۆڕینی ناوی شوێنەکان

زۆرێک لە ناوی گوند و شارۆچکە و ناوچە کوردییەکان، لە کوردییەوە کراون بە عەرەبی. ئامانج لەم گۆڕانکارییە تەنیا گۆڕینی ناو نەبوو، بەڵکوو هەوڵێک بوو، بۆ لاوازکردنی پەیوەندی مێژوویی نێوان خەڵك و شوێنەکانیان.

٢ .گواستنەوەی زۆرەملێی دانیشتووان

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، وە بەتایبەتی لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا، هەزاران خێزانی کورد، لە ناوچەکانی کەرکووک و خانەقین و ناوچە سنوورییەکان گواسترانەوە بۆ شوێنی دیکە. لە هەمان کاتیشدا، خێزانە عەرەبەکان لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق، هێنراون بۆ سەر

خاکی کوردان. لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا ئەم کردارە، بە "گۆڕینی دیمۆگرافی" ناوزەد کراوە.

٣ .گۆڕینی تۆمارە فەرمییەکان

لە هەندێک ناوچەدا، هەندێک خێزان ناچارکران لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ناسنامەی نەتەوەییان بگۆڕن، بۆ "عەرەب". ئەوانەی ئەم کارەیان قبووڵ نەدەکرد، لە هەندێک حاڵەتدا تووشی کێشەی موڵکداری و دامەزراندن، یان خزمەتگوزاری دەبوونەوە.

٤ .سنووردارکردنی زمانی کوردی

بەپێی بارودۆخی ناوچەکان و قۆناغە جیاوازەکان، زمانی کوردی لە هەندێک بواردا سنووردار کرا، بە تایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. سەرباری ئەوەی لە هەندێک قۆناغ، بەپێی یاسای خودموختاری 1970 خوێندن، بە زمانی کوردی لە هەرسێ شارەکەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕێگەپێدراو بوو بەڵام ئەم مافانە لە هەموو ناوچە کوردستانییەکاندا بە یەک شێوە جێبەجێ نەکران و لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی خودموختاری جیاوازی زۆر دەکرا. زۆربەی لێکۆڵەران شاری کەرکووک، بە دیارترین نموونەی سیاسەتی تەعریب دادەنێن. هۆکارە سەرەکییەکەش دەگەڕێننەوە، بۆ گرنگی نەوتی کەرکووک و جوگرافییەکەی، کە خاوەن پێگە و ستراتیجییە بۆ هەموولایەك. بەڵگەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە ماوەی 1975–2003 هەزاران خێزانی کورد و تورکمان، لە کەرکووک و دەورووبەری گواسترانەونەتەوە و لە شوێنیان خێزانی عەرەبیان نیشتەجێ کردووە.

٥ .تەعریب لە سیستەمی پەروەردە

پەروەردە یەکێک بوو لە گرنگترین ئامرازەکانی دەوڵەتی بەعس بۆ گەیاندنی ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت. لە زۆر کتێبی خوێندندا، مێژووی عێراق بە شێوەیەک دەنووسرا، کە نەتەوەی عەرەب پلە یەکە لە عێراق و لە زۆر شوێنی کتێبە مێژوویی و پەروەردەییەکاندا ڕۆڵی نەتەوەکانی دیکە، بە تایبەتی کورد، بە شێوەیەکی پەراوێزخراو و لاوەکی باسکراوە .

٦ .تەعریب لە بواری کارگێڕیدا

لە هەندێک زۆر ناوچەی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی ئێستا کەوتوونەتە دەرەوەی هەرێم، دامەزراندن لە فەرمانگە حکومییەکان، بەناوکردنی خانوو و موڵك یان بوون بە بەڕێوەبەر، لە هەندێك وەزارەت و فەرمانگەدا، بۆ کورد ئەستەم بوو. زۆر جار فشار دەخرایە سەر خێزان و بنەماڵە و عەشیرەتەکانیش ناوی خۆیان و خانەوادەیان بگۆڕن بۆ عەرەبی .

تەعریب و یادەوەریی کۆمەڵایەتی

یادەوەریی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ناسنامە نیشان دەدەن، کە یادەوەری و شوێنە مێژووییەکان ڕۆڵی بنەڕەتی لە پاراستنی ناسنامەدا هەیە. بەم پێیە، گۆڕینی ناوی گوندەکان و لابردنی هێما مێژووییەکان، یان گۆڕینی شوێنە گشتییەکان، تەنیا گۆڕانکارییەکی تەعریبکراو و ئاسایی و سیاسییانە نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی یادەوەریی کۆمەڵایەتی. هەرچەندە بەعس ویستوویەتی ناوەکان بگۆڕێت، بەڵام خەڵکەکە لە زەین و یادەوەرییاندا ناوەکانیان پاراستووە، بەهەمان ناوە کوردیەکەی پێشوو، ناوی شوێنەکانیان بردووە.

تێگەیشتن بۆ ئەم مێژووە

لە ئەنجامی ئەم تێڕوانینەدا، بوونی نەتەوەکانی دیکە لەناو ئەو جوگرافیایەدا، بە تایبەتی کورد نەوەک تەنیا و وەکوو ناسنامەیەکی سەربەخۆ نەبینراوە، بەڵکوو وەکوو کێشەیەکی سیاسی و دژ بە ئاساییشی نیشتمانی عەرەبی سەیریان کردووە. بەهۆی ئەو ئایدۆلۆجیا و بیرکردنەوە مەترسیدارەی سەدام و بەعسییەکان، بە تایبەتی لە سەرەتا و ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکان و دوای پیلانە شوومەکەی جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، لە کۆتایی حەفتاکان و تا کۆتایی هەشتاکان بەعسییەکان بە خەستی خراپترین مەرگەساتیان بەسەر کورد و کوردستان دا هێنا، کە لێکەوتەکانی تاوەکوو چەند سەدەیەك بە سەر یادەوەری کورد و خاك و زمانەکەی هەر دەمێنێتەوە. پرۆسەکەش لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، لەناو شار و شارۆچکە و دێهاتەکانیش دەستی پێکردووە، بووە مایەی کۆچ

پێکردنی زۆرەملێی خەڵك بۆ کەمپەکان و گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتووان و هەڵوەشاندنەوەی گوندەکان .

بەعس باش لەوە تێگەیشتبوو، کە لەگەڵ سڕینەوەی ناسنامە، پێویستە کار لەسەر بێبەرخکردنی زمان و سڕینەوەی زمانی کوردیش لەناو فەرهەنگ و کەلتووری عەرەبی بکرێت، بۆیە هەوڵێکی زۆریدا، تاوەکوو لە ڕێگەی ناوەندە پەروەردەیی و کولتوورییەکانەوە، ئیش لەسەر سڕینەوەی زمانی کوردی بکات. هەموولایەك دەزانێ نەتەوە بەرهەمی هاوبەشی زمان و مێژوو و بیرەوەرییە، بۆیە گۆڕینی "زمان" و "ناسنامە" یان سنووردارکردنی، تەنیا گۆڕین و فاکتێکی بە ئەویترکردن نییە بەدەست نەیارەوە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ گۆڕینی وشیاری کۆمەڵایەتی و ناسنامەی نەتەوەییش. بەشی زۆری شارەزایان پێیان وایە "زمان"یش گرنگترین هێمای بەردەوامی ناسنامەی نەتەوەییە .

لەژێر ڕۆشنایی کردنەوەی ئەو دەرگایەدا، لەو ڕاستییە نزیك دەبینەوە، کە سیاسەتی تەعریب لە عێراق، تەنیا بە گۆڕینی بۆ زمانی فەرمی عەرەبییەوە، نەوەستاوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی فرەوان گۆڕینی ناوی شوێنەکان و ناچارکردنی بنەماڵە و عەشیرەت و خانەوادەکان و بۆ تۆمارکردنی ناسنامەیان بە "عەرەب" و سنووردارکردنی خوێندن بە زمانی کوردی و گواستنەوەی دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکە، بە تەعریبکراوەکانی لەخۆ گرت. لە هەمان کاتدا، زۆرێک لە لێکۆڵەران ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەگەرچی ئەم سیاسەتانە زیانێکی گەورەیان لە زمان و کولتووری کوردی دا، بەڵام لە هەندێک بارودۆخدا بوونەتە هۆی بەهێزبوونی هەستی نەتەوەیی و زیادبوونی هەوڵەکانی پاراستنی زمان و کولتوور لەناو کورد دا. بەم پێیە حەقیقەتێکمان بۆ دەردەکەوێت، کە لێکەوتەکانی تەعریب بەقەد ئەوەی کارەسات بووە و کورد زیانێکی زۆری بەرکەوتووە، بەدیویکی دیکەوە، ئەو پرۆسە نەفرەتییە، بۆ نەتەوەی کورد بووەتە هۆی خۆڕاگری زیاتر و ڕۆحی بەرەنگاریی و مانەوە و دەستکەوتی نەتەوەیی زیاتر، چونکە لەدوای ئەم وێرانکارییەی کوردستان بەدەست نەیارانەوە کوردستانیان شێوازێکی نوێی بۆ بەرگری لە کولتوور و سیاسەتی نەتەوەی گرتەبەر، کە بۆی بووەتە هێزی مانەوە و بەردەوامی.

مەترسییە کوشندەکە لە خۆ بە ئەویترکردن دایە

لە ساڵانی ڕابردوو بەهۆی فشارێکی زۆرەوە، یان بەهۆی برسییەتی و کۆمەڵکوژی و گرتن و ئازاردانەوە، بەشێك لە خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی "خۆتەعریبکردن" بوونەوە، ئەو "خۆبەئەویترکردنە" کارەساتێکی گەورەبوو، بۆ سەروەری نەتەوەییمان، چونکە وەك کارتی فشار بۆ سەر ئەوانی دیکە بەکار دەهێنرایەوە و دەیانگۆت فلان کەس و گرووپ وازیان لە نەتەوەی خۆیان هێنا. بۆ نموونە؛ کوردانی شەبەك و یارسان و ئێزدی، کە لە سەردەمی بەعس دا، بەشێکیان خۆیان بە نەتەوەی عەرەب نووسی. هەروەها لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991، بەهۆی گرانی و  قاتوقڕی بازاڕ و برسییەتییەوە، دەوڵەتی تورکیا لە ڕێگەی بەرەی تورکمانییەوە خۆراکیان بەسەر خەڵك دابەش دەکرد. ئەوانەی تورکمان بوون، کە ڕێژەکەیان دیار بوو، سوودەمەند بوون، بەڵام لەو نێوانەدا هەندێك لە کوردەکان، بەداخەوە بەهۆی نەبوونییەوە ناوی خۆیان لە بارەگاکانی بەرەی تورکمانی تۆماردەکرد و خۆراکیان وەردەگرت. بێگومان دەبوایە خۆیان وەکوو تورکمان ناونووس بکردبووایە، ئینجا خۆراکیان پێ دەدرا. ئەوە خراپترین و ناشیرینترین پرۆسەی "بە ئەویترکردنی خود"ە، کە لە مێژووی کورد ڕووی دابێت. ئەو سیاسەتەی تورکیا، بێگومان ئامانجدار بوو. دەیویست لە ڕێگەی بەرەی تورکمانی و پێدانی خۆراکەوە، ڕێژەی تورکمان لەو شارانە زیاد بکات، بە تایبەتی شاری هەولێر. ئێستاش دەوڵەتی تورکیا و حیزب و گرووپە تورکمانەکان لەسەر بنەمای ئەو تۆمارەوە، لە میدیاکاندا دەقیژێنن و دەڵێن؛ ئەوەندە تورکمانە لە هەولێر و کوردستان هەیە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە پرسی "خۆبەئەویترکردن" زۆر لە پرۆسەی تەعریب و بەم سیاسەتی بە ئەویترکردنەی، کە ڕژێمی بەعس و دەوڵەتە شۆڤینییەکانی دەورووبەر دەرهەق بە کورد و خەڵکی کوردستان کردوویانە، مەترسیدارتربوو.